# هەواڵەکانی بزووتنەوەی جەماوەری و کرێکاری و سۆسیالستی جیهانی

عەلی مەحمود
2005-4-13

باشوری ئەفریقا

–پارتی نیشتمانی باشوری ئەفریقا , هەفتەی ڕابردوو هەڵوەشاندنەوەی خۆی ڕاگەیاند , لە دوای دوا هەڵبژاردنەوە کە تەنها 2٪ ی دەنگەکانی هێنایەوە تووشی قەیران بوو .سەرۆکی پارت مارتینۆس ڤان شوالکویك داوای لێبوردنی لە سەردەمی ئاپارتاید کرد کە ئەوان ئەنجامییان دا .ئەم پارتە لە ساڵی 1914 دامەزراوەو لە ساڵی 1948 گەیشتووە بە دەسەلات یەکێك لە دەسەلاتدارە ڕەشە ڕەگەزپەرستەکانی مێژووی نوێی مرۆڤایەتی بوو. لە ساڵی 1994 لە هەڵبژاردن بەرامبەر کۆنگرەی نیشتمانی دۆڕا .



تورکییا

–ڕۆژی چوارشەممە پەرلەمانی تورکییا کۆبونەوەی خۆی لەسەر جینۆسایدکردنی ئەرمەنییەکان سازە دات , عەبدواللە گوڵی وەزیری دەرەوەی تورکییا ڕایگەیاند : دەبێت بە ئازایەتییەوە بەرەو ڕووی ببینەوە . ئەوەی شایانی ئاماژە پێدانە یەکێتی ئەوروپا پاڵەپەستۆی توندییان خستۆتە سەر تورکییا بۆ دان پێنان بە کوشتاری ئەرمەنییەکان .




پاکستان

موختار مای ژنێکی پاکستانییە کۆمەڵێك پیاو لە بەرامبەر تۆڵەیەکی عەشایەری بە کۆمەڵ پەلاماری سێکسییان دابوو , لە ئەنجامی دادگایی کردندا لە ئابی 2002 ژمارەی 6 پیاو بەو تاوانە بە هەڵواسین حوکم دران , بەڵام لە ئازاری ئەمساڵ بڕیارەکە هەڵوەشێنرایەوە بڕیارەکە گۆڕا بۆ بەردانی 5 لە پیاوەکان و سزای زیندانی تا مردن بۆ شەشەم , ئەمەش ناڕەزایی سەرانسەری لێکەوتەوە. لە پاکستان و وولاتانی باشوری ئاسیا دیاردەی تۆڵەسەندنەوە لە ژنان و پەلامار بە تێزاب و پەلەماری سێکسی بۆ سەرییان و تەنانەت کوشتنیشییان دیاردەیەکی باوە لە بەرامبەر تاوانی کەس و کاری ژنەکان .



بڕیاری هەڵواسین لە جیهاندا

3797 کەس بڕیاری هەڵواسینییان بەسەردا دراوە لە ساڵی 2004 . تا ئێستا 120 ووڵات لە جیهاندا بڕیاری ئیعدام هەڵگرتووە .پار ساڵ 726 کەس لە چین , 108 لە ئێران , 102 لە ڤێتنام , 65 لە ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئیعدام کراون , سەرباری دەرکردنی 2756 بڕیار کە هێشتا جێبەجێ نەکراون .

بەرازیل

ئەندامانی بزووتنەوی کرێکارانی بێزەوی لە بەرازیل , دەستییان بەسەر 12 کێڵگەدا گرت , لە هەرێمێکی هەژارنشین ,بۆ پاڵەپەستۆ خستنە لە دەسەڵاتداری تا وەفادار بێت بە بەڵێنەکانی , کە لە بانگەشەی هەڵبژاردن پەیمانی بە دەنگدەران دابوو 400000 پارچە زەوی تا ساڵی 2007 بەسەر جوتیارە بێزەوییەکان دابەش بکرێت , لە بەرازیل 1٪ هاووڵاتییان زیاتر لە 50٪ زەوی نیشتمانییان بە دەستەوەیە.




قەزاق

بۆتەفلیقە بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بەخشی بە سەرۆک قەزاق .

مۆڵدافییا

– پەرلەمانی مۆڵدافییا بۆجاری دووەم فۆرۆنیینی هەڵبژاردەوە بە سەرۆک کۆماری ووڵاتی مۆڵدافییا , لە کۆی 101 کورسی پەرلەمان 75 دەنگی هێنایەوە , پارتی کۆمۆنیستی مۆڵدافییا کە سەرۆک کۆمار سکرتێرییەتی 56 کورسی لە دوا هەڵبژاردن هێنایەوە .



چیک

–پارتی کۆمۆنیستی چیکی کە لە کۆی 200 کورسی پەرلەمان 41 کورسی هەیەو ئێستا لە ڕووی جەماوەرییەوە بە دووەم پارت دیاریدەکرێت لە دوای پارتی مەدەنی دیموکراتی ,واتە هەڵبژاردن بکرێت ژمارەی کورسییەکانی دەچێتە سەر . پاش پاشە کشەی پارتی گەل و مەدەنی ڕاسترەو لەحکومەتی

سۆسیال دیموکراتەکان لە پەرلەمان حکومەتی سۆسیال دیموکراتەکانی ڕزگار کرد لە ڕوخان . ئەوەی شایانی باسە لە دوای ڕوخانی دیواری بەرلینەوە ئەم حیزبە پەراوێز کراوەو ناهێڵن بێتەوەناو ژیانی سیاسی وولاتەوە , بەلاَم ئەمە هەنگاوێك بووبۆ دەرچونی لە پەراوێزی .

–ئیتالّیا

چەپەکان لە ئیتالّیا (هاوپەیمانی زەیتون) بەسەرکردایەتی ڕۆمانۆ برۆدی گەورەترین تێسرەواندنییان لە جەستەی بلۆکی ئازادی ڕاسترِو وەشاند لە هەلّبژاردنی شارەوانی ئیتالّیا .لەم هەلّبژاردنەدا 71٪ خەلّك بەشدارییان کرد و لە 14 هەرێم کۆی 20 هەرێمی وولاَت ئەنجام درا .پێشتر8 لەو 14 ولایەتە بەدەست ڕاستەکانەوە بوو بەلاّم ئەمجارە تنها لە 3 ولایەت دەرچوون , لەوانە ڕۆما و باری و تۆرینۆییان لە دەست دا .




کەم خۆراکی لەجیهان

کەم خۆراکی هۆی مردنی 53٪ منالاّنی جیهانە , ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ووتی : سالاّنە زیاتر لە 10 ملیۆن منالّ لە جیهاندا لە برسان دەمرن .

مەکسیك

حسانەی پەرلەمانی لەسەر سەرکردەی چەپی مەکسیکی ئەندرێس مانویل لۆبی رهەلگیرا , کە ناو براو سەرۆکی شارەوانی مەکسیکۆی پایتەختی وولاّتیشە , مەکسیکۆ یەکێکە لەشارە هەرە گەورەکانی جیهان .ئەم هەنگاوەش بۆ ڕێگا گرتنییەتی لەوەی خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری لە سالّی 2006 بپالّێوێت , چونکە لە ئاستی جەماوەری دەترسن بیباتەوە .پێنج شەممەی ڕابردوو لە کاتی قسەکردنی بۆ 150000 لەلایەنگرانی ووتی : من پالّێوراوی پارتەکەمم لە زیندانیشەوە بێت خۆم دەپالّێوم بۆ سەرۆکایەتی مەکسیك .



میسر

خەباتی بزووتنەوەی کیفایەی میسری لە گەشە سەندندایە,سەرجەم شارەکانی میسری گرتۆتەوە , هەرچەندە ڕژێم هەڕەشەیان لێدەکات . پیاوانی ئەمن نەیان هێشت لە 30–3 خۆپیشاندەران بچن بۆ بەردەم پەرلەمان . ئەم بزوتنەوەیە لە پێناو کۆتایی پێهێنانی بە دەسەلاّتی دیکتاتۆری حوسنی موبارەك دامەزراوە .






روسيا

فلاديمێر چرنۆفسكی ئەم جارەش بووە گاڵتەجاڕی پەرلەمان , ئەو فێرە بەوەی لە پەرلەمانشەڕە بۆكسات بكات , بەڵام ئەمجارەیان كاراتییەكی لێپەیدا بوو خرایە ژێر لەقەوە . لە كاتی گفت و گۆكردن لەسەر هەڵبژاردنی هەرێمی یاملۆ _نینسكی كە پارتەكانی دۆڕاندبووی لەو هەڵبژاردنەدا و بە ناوەندی هێزی ئەو دادەنرا , لەگەڵ سەرۆكی پارتی ڕۆدینا(نیشتمان) سافیلۆف تێك هەڵپژان و كردییانە شەڕە بۆكسات , بەڵام ئەمجارەیان كەوتە ژێر پێ لەقەوە , ئێستا داوا هەیە لە جێگیری سەرۆك پەرلەمان لایبەن.

هیندستان

ماوییەكانی هیندستان لەولایەتی ئەندێرا برادیش كۆتاییان بە ئاگر بەست هێنا , پاش ئەوەی دەوڵەت وەڵامی بەداخوازییەكانییان نەدایەوە .

فلپین

كۆمۆنیستەكانی فلپین هەڕەشەیان لە ئەمەریكاو حكومەتی فلپین كرد , داوایان كرد فلپین بە جێ بهێڵن .تا ئێستا 40000 لە شەڕی ناوخۆیی لەگەڵ سوپای گەل(باڵی سەربازی كۆمۆنیستەكانە) گیانییان لە دەست داوە . چارەكی لادێكانی وولات لە ژێر كۆنترۆڵییاندایە , كە دەكاتە 42000 لادێ . دەوڵەت دەیەوێت لەگەڵ ئیسلامییەكان ڕێك بكەوێت تا ڕێگری لە گەشەی سوپای گەل بگرێت .





نیپاڵ

جەنگی ناوخۆیی تا دێت توندتر دەبێتەوە , خۆپیشاندانی دژ بە كودەتای مەلیك بەسەر دیموكراسییەت پەرە دەستێنێت , دەوڵەت زیاتردەكەوێتە بەر ڕەخنەی ناوەندە جیهانییەكان .لە شەمەوە ماوییەكان بڕیاری مانگرتنی سەرانسەریانداوە بۆ ماوەی 11 ڕۆژ.

سلفادۆر

سەدان هەزار كەس لە سلفادۆری و بێگانە لە پایتەختی وولات كۆبونەوەو نوێژییان بۆ ئەرنولفوا مەترانی سلفادۆری كرد , كە ناوبراو لە 24-3-1980 تیرۆر كرا , لە كاتێكدا نوێژی بۆ نەخۆشەكانی شیر پەنجە دەكرد . جەماوەری ئەمەریكای لاتین مەترانی ناوبراو بە چەپە زانن , بەڵام ڤاتیكان ئەمە ناسەڵمێنن .

